یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
ئاشتی دیموکراسی مافی مرۆڤ و چارەی خۆنووسین
1975
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN
Peace Democracy Human Rights And Self Determination



# بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
# لیستی ژمارە ( ١٢٩ )

## بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

هەرێمی کوردستان لەڕووی سامانی سروشتی و گەشتیاری و کشتوکاڵییەوە خاوەن خاکێکی بەپیت و دەوڵەمەندە و ئەم تایبەتمەندییانەش کۆڵەکەی بونیاتنانی نیشتمانێکی ئاوەدان و خۆشگوزەران و پێشکەوتوون، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا بەهۆی لادان لە پرەنسیپەکانی هاوبەشی حکومەت و سەرکێشی سیاسیی و ئیدارەدانی نادروست و نادادپەروەر، هەرێمی کوردستان، لە سەرجەم بوارەکاندا پاشەکشەی کردووە و رووبەڕووی جۆرەها مەترسی جددی بووەتەوە، رۆژ لەدوای رۆژیش ژیانی هاوڵاتیان بەرەو خراپی و سەنگی هەرێمەکەشمان بەرەو لاوازی دەچێت، بۆیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەرکی مێژوویی خۆی هەڵدەستێت، لەپێناو پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و باشکردنی بژێوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بۆ راستکردنەوەی رێڕەوی حکومڕانی، بۆ ئەم هەڵبژاردنە بەرنامەیەکی هەمەلایەن و گشتگیری بۆ سەرجەم سێکتەرەکان داناوە بە هێز و پلانی تۆکمەوە کاردەکات بۆ:



یـــەکەم

# سێکتەری کارگێڕی و ئابوری

## یەکەم: سێکتەری کارگێڕی و ئابوری

کارگێڕی و ئابوری گرنگترین و کاریگەرترین پایەکانی حکومڕانیین، سەرکەوتن و شکستی هەر دەسەڵاتێکیش پەیوەستە بە سێکتەری کارگێڕی و دارایی وڵاتەکەوە هەرێمی کوردستان هەرچەندە وڵاتێکی پڕ خێروبێرە، بەڵام بەهۆی قۆرخکاری و نادادپەروەرییەوە لەلایەن حزبی یەکەمی حکومڕانەوە، دۆخی ئیداریی و دارایی نەک هەر ناسەقامگیرە، بەڵکو بەدەست خراپترین مۆدێلی حکومڕانیەوە دەناڵێنێت. ئێمە وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەم کایەیە بەرنامەیەکی نوێمان داڕشتووە کە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

١- ڕێگریکردن لە دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی گشتی.

٢- کۆتاییهێنان بە جیاکاری نێوان شار و شارۆچکەکانی کوردستان و وەستانەوە بەڕووی ئابڵوقەی دارایی لەسەر ناوچەو دەڤەرەکان و دابەشکردنی بودجەو خەرجی پڕۆژەکان بەپێی پلانێکی گونجاو لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری.

٣- کۆتاییهێنان بە یاساشکێنی و تەزکیەی حزبی فەرمانڕەوا لەناو دامودەزگا حکومییەکانی هەرێم و پەیڕەوکردنی بنەمای هاوڵاتیبوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا.

٤- ڕێگرییکردن لە بەکارهێنانی دامودەزگا حکومییەکان بۆ بەرژەوەندی کەسی و تایبەتی و حزبیی.

٥- دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و لەسەر بنەمای پسپۆڕی و شارەزایی و شەراکەتی ڕاستەقینەو شایستەیی هەڵبژاردن لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان بێجیاوازی.

٦- باشترکردنی بژێوی ژیانی کەس و کاری شەهیدان، پێشمەرگە دێرینەکان، زیندانیانی سیاسی، ڕێکخستنی دێرین، کەسوکاری ئەنفالکراوان، کەمئەندامان، گەنجان و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

٧- کاراکردنی زیاتری سیستمی یەک پەنجەرە بۆ ڕاییکردنی مامەڵەی هاو ڵاتیان لە فەرمانگە و دامەزراوە حکومییەکاندا.

٨- کارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەی دامەزراوەیی بە پشتبەستن بە پلانێکی ستراتیژی و زانستیانەی کورتمەودا و درێژمەودا .

٩- دابینکردنی پێداویستییە کارگێرییەکان بۆ سەرجەم پارێزگا و ئیدارە خۆجێیەکان و قەزاو ناحییەو گوندەکانی هەرێم بەبێ جیاوازی و جیاکاریی.

١٠- کارکردن بۆ دامەزراندن و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ هەموو هاوڵاتیان لەسەر بنەمای تواناو پسپۆڕی و پێداویستی بێت و دوور بێت لەلایەنگیری و ئینتمای حزبی.

١١- بەشێوەیەکی کردەیی سیستمی لامەرکەزی ئیداری لە ناوەندەوە شۆڕبێتەوە بۆ ناوەندی پارێزگا و ئیدارە و قەزا و ناحییەکانی هەرێم.
١٢- کارکردن بۆ جیاکردنەوە و دوورخستنەوەی مووچە و قوتی خەڵک لە ململانێ سیاسییەکان و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ سەرجەم مووچەخۆران.
١٣- گرنگیدانی زیاتر بە بەرهەمی ناوخۆیی، بەمەش هەلی کاری زیاتر بۆ هاوڵاتیانی هەرێم دەڕەخسێت و هەرێمی کوردستان ئاوەدانی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت.
١٤- ڕێکخستنەوە و پێشخستنی سیستمی بانکی لەهەرێمی کوردستان.
١٥- رێکخستنەوەی باج و رسومات، کەمکردنەوەی نرخی ئاو و کارەبا بەشێوەیەک لەگەڵ ئاستی بژێوی ژیانی هاوڵاتیاندا بگونجێت.
١٦- پێداچوونەوە بە سیاسەتی نەوتی هەرێم و رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، ئەویش بە دەرکردنی یاسایەکی نوێی نەوت و گاز بەپێی دەستوور.
١٧ - کۆتایهێنان بە دیاردەی دەرهێنان و بەقاچاخ بردنی نەوتی هەرێم.
١٨- دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە چۆنییەتی پاراستنی کانزاو سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان.
١٩- رێکخستنەوەی گومرگەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەردەمیانەو هاوسەنگ.




دووەم

# سێکتەری سیاسی و دیپلۆماسی

## دووەم: سێکتەری سیاسی و دیپلۆماسی

قەیرانە یەک لەدوای یەکەکان و هەڕەشەکانی سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان، لێکەوتەکانی ریفراندۆم و سەرکێشیکردن بە دەستکەوتەکانەوە لەڕێگەی پەیوەندی تەسکی بەرژەوەندیخواز و تێوەگلان لە ئەجێندای هەرێمایەتی، پاشەکشەیەکی زۆری بە لایەنی دیپلۆماسی کوردستان کرد، سیاسەتی بە حزبیکردنی نوێنەرایەتییەکان و قۆستنەوەی دیپلۆماسی بۆ بەرژەوەندی و بەکارهێنانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە وەک ئۆرگانی حزبی، بووەتە هۆکاری لاوازبوونی دیپلۆماسییەتی کوردی، مام جەلال و یەکێتی کە ئەندازیاری دروستکردنی پەیوەندی سەنگین و پەیداکردنی رایەڵەی دیپلۆماسی و سازدانی دۆستی هەمیشەیین، بۆ گەڕاندنەوەی سەنگی پەیوەندییەکان ئەم بەرنامەیە دەخاتەڕوو:

١- راستکردنەوەی رێڕەوی حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتێکی دادپەروەر و خزمەتگوزاری نیشتمانی و کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی خۆسەپێنی تاکە حزبی.
سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و هاوسەنگ و نەهێشتنی گرژییە ئەمنی و سەربازییەکانی سەر سنوری نێوان هەرێم و وڵاتانی دراوسێ و چارەسەرکردنی کێشەکان نێوان هەردوولا لەڕێی دانوستانەوە.
٢- نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی دراوسێ و جیهانیی وەک دامەزراوەیەکی نیشتمانی نوێنەرایەتییەکی راستەقینەی هەرێمی کوردستان بێت و لە دەستێوەردانی حزبی دووربێت.
٣- رێکخستنی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا وەکو دامەزراوەیەکی نیشتمانی کە خزمەت بە هەرێمی کوردستان بگەیەنێت، بۆ ئەو مەبەستە پلان و رێکاری (ئیداری، یاسایی، دیپلۆماسی) خۆی هەبێت و لەسەر بنەمای ئەو پلان و رێکارە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.
٥- فەراهەمکردنی ئازادی سیاسی و حزبی و جێبەجێکردنی سیستمی فرەحزبی لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا.
٦- دانانی ستراتیژێکی نوێ بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لەڕێی دانوستان و لە چوارچێوەی دەستوردا بۆ گەیشتن بەڕێککەوتن و چارەسەرکردنی کێشەی مووچەخۆرانی هەرێم بەشێوەیەکی ریشەیی و چارەسەرکردنی کۆی کێشەکانی دیکە.
٧- رەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ پەرلەمانی کوردستان کە وەک دامەزراوەیەکی یاسادانان و دوور لە گوشاری حزبی و سیاسی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.
٨-جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەردەکرێن، رەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ سەرجەم لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان تا بتوانن چاودێری و هەڵسانگاندن و بەدواداچوون بۆ سەرجەم وەزارەت و دامودەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن.
٩ دانانی دەستورێک بۆ هەرێمی کوردستان.



سێیەم

# ناوچە دابڕێندراوەکان و ماددەی ١٤٠

## سێیەم: ناوچە دابڕێندراوەکان و ماددەی ١٤٠

یەکێتی وەک پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی ستراتیژی دەڕوانێتە ناوچە دابڕێندراوەکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە هەر وەک چۆن لە رابردوودا هەموو هەوڵە سیاسییەکانی لەپێناو گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بووە بە پێی یاسا بۆ سەر ئیدارەی هەرێم، لە ئێستاشدا سوورە لەسەر یەکلاییکردنەوەی ئەو پرسە، بۆ ئەمەش لە بەرنامەماندایە:

١- هەوڵدان بۆ کاراترکردنی ماددەی ١٤٠ دەستووری هەمیشەیی عێراق و جێبەجێکردنی سەرجەم بڕگەکانی.

٢- ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەمنی و سەربازی و سیاسی ناوچە دابڕێندراوەکان کە بەهۆی لێکەوتەکانی ریفراندۆمەوە بە دۆخێکی نا سروشتیدا تێدەپەڕێت.

٣- جەختکردنەوە لەسەر پشک و شایستەیی هەڵبژاردنی کورد بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردن لە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەدا .

٤- بەردەوامبوون لە هاوکاریکردنی دامودەزگا خزمەتگوزارییەکانی ناوچە دابڕێندراوەکان، بەتایبەتی ناوچە کوردنشینەکان کە بەهۆی پشتگوێخستنیان لەلایەن ئیدارە سەپێندراوەکانەوە دەناڵێنن.

٥- پاڵپشتیکردنی خوێندنی کوردی لەو ناوچانە و وەرگرتنی رێژەیەکی باش لە خوێندکاران لە زانکۆکانی هەرێم.

٦- هاوکاریکردنی دەزگا رۆشنبیری و هونەری و وەرزشییە کوردییەکان لە ناوچە دابڕێندراوەکان.



چوارەم

# سێکتەری ئاسایش و پێشمەرگە

## چوارەم: سێکتەری ئاسایش و پێشمەرگە

دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ پێشمەرگە و سەرجەم هێزە ئەمنییەکانی دیکە، هەمیشە جێی بەیاخی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، هاوکات سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان، یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی مانەوەی سیستمی سیاسی هەرێم. پرسی رێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پرۆژەی هاوپەیمانان بۆ جێکردنەوەی پێشمەرگە لەژێر یەک سوپای نیشتمانیدا بووەتە مەرجی مامەڵە و پڕچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە، بۆیە یەکێتیی نیشتمانیی کورد ستان بەپێی بەرنامەیەکی هاوچەرخ و هاوسەنگ بۆ کۆی کایەکانی پەیوەست بە پێشمەرگەو هێزە ئەمنییەکان، خاوەن ئەم بەرنامەیە :

١- پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەی یاساکانی تایبەت بە پێشمەرگە، لەپێناو زامنکردنی ژیانێکی شایستەتر بۆ پێشمەرگە و خانەنشینان و کەمئەندامان و کەسوکاری شەهیدان.

٢- هاوتاکردنی مووچە و دەرماڵە و هەموو ئیمتیازاتەکانی پێشمەرگە و خانەنشینانی پێشمەرگە لەگەڵ هێزە فیدراڵییەکان.

٣- دابەشکردنی زەوی نیشتەجێبوون بۆ پێشمەرگە و پێدانی پێشینەی خانوبەرە.

٤- بایەخدان بە نەوەکانی پێشمەرگە و سەرجەم هێزە ئەمنییەکان.

٥- چارەسەرکردنی پێشمەرگەو کەسوکارەکانیان لە نەخۆشخانە گشتییەکان بێبەرامبەر و هاوکاریکردنیان بۆ چارەسەرکردن لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان و لە دەرەوەی وڵات لەحاڵەتی پێویستدا.

٦- پاراستن و چەسپاندنی سەروەری یاسا (سەربەخۆیی دادگاکان) لە هەر دەستوەردانێک.

٧- یەکخستنەوە و رێکخستنی هەموو هێزەکانی پێشمەرگە لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە لەسەر بنەمای (سازان, هاوسەنگی، هاوبەشی).

٨- چاکسازیی دامەزراوەیی لە دەزگاکانی وەزارەتی پێشمەرگە بەپێی پرەنسیپە زانستییە سەربازییە هاوچەرخەکان و یاسای چاکسازی هاوپەیمانان.

٩- ڕێکخستنی مەراسیمی ڕێزلێنانی ساڵانە بۆ ئەو کەسانەی کە بە دڵسوزانە و سەرکەوتووانە لەپێناو پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و پاراستنی سەر و ماڵی هاوڵاتیان خزمەت دەکەن.

١٠- کاردەکەین بۆ نەهێشتنی گرژییەکانی ناوچە سنورییەکان و ئاساییکردنەوەی ژیانی هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە.

١١- گرنگیدانێکی زیاتر بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش و هاتووچۆ و دابینکردنی پێداویستییەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاستیان.

١٢- بەهێزکردنی کۆلێژە سەربازییەکانی هەرێمی کوردستان.

١٣- پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هێزی پیشمەرگەو هێزە عێراقییەکان و دروستکردنی هەماهەنگییەکی زیاتر بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقدا هەیە.

١٤- هاوسەنگی و هەماهەنگی لە داڕشتنەوە و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەمنی لە سەرجەم دامودەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی هەرێم.



پێنجەم

# سێکتەری گەنجان و ڕۆشنبیری و هونەری

## پێنجەم: سێکتەری گەنجان و ڕۆشنبیری و هونەری

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگەی کوردی بە گەنجی و بۆ پاراستنی ناسنامە و کلتوری کوردی و گەشەپێدانی ڕۆشنبیری و هونەر و دەرخستنی تواناکانی گەنجان و پاڵپشتیکردنیان، ئەم بەرنامەیە دەخاتەڕوو:

١- دانانی پلانێکی گونجاو بۆ ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان و لاوان لە بوارە جیاوازەکاندا و چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری لە هەرێم.

٢- دانانی بەرنامەیەکی گونجاو بۆ ڕێگریکردن لە کۆچکردنی گەنجانی هەرێم و ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو کە کۆچی پێچەوانە دەستپێبکات.

٣- ئەنجامدانی فێستیڤاڵ کۆنفرانسی ساڵانەی هونەری و وەرزشی لە سەنتەری پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان و قەزاکانی پارێزگاکانی هەرێم.

٤- یارمەتیدانی گەنجانی بەهرەمەندی بوارە جیاوازەکان بۆ دەرخستنی تواناو بەهرەکانیان.

٥- کردنەوەی سەنتەری ڕۆشنبیری و هوڵی مۆدێرن لە شار و شارۆچکەکانی سنووری هەر چوار پارێزگاکەی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆیەکان و قەزاکان.

٦- بایەخدان و بونیاتنانی ژێرخانی ڕۆشنبیری و هونەری و پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستیان .

٧- کارکردن بۆ کەمکردنەوەی نرخی ئینتەرنێت و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن.

٨- کەمکردنەوەی بڕە پارەی خوێندنی پاراڵێل و جێگیرکردنی دەرماڵەی خوێندکاران.

٩- گرنگیدانێکی زیاتر بە گەنجان و خوێندکاران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

١٠- گرنگیدان بە ژیان و بژێوی نووسەرو هونەرمەندان، گرنگیدان بە پرۆژەکانیان و دابینکردنی بودجەی پێویستی ساڵانە بۆ ئەو مەبەستە.

١١- گرنگیدان بە دروستکردنی پەیکەر بۆ هونەرمەندان و شاعیران و وەرزشوانە نەمرەکانی گەلەکەمان، بۆئەوەی لەیادگە و بیرەوەری نەوەی داهاتوودا بە زیندوویی بمێننەوە.

١٢- پاراستن و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارە مێژووییەکانی پارێزگاکانی هەرێم.

١٣- دروستکردنی شانۆی تایبەت لە سنوری پارێزگاکانی هەرێم و گرنگیدانی زیاتر بە شانۆی کوردی.



## شەشەم

# سێکتەری پەروەردە و خوێندنی باڵا

## شەشەم: سێکتەری پەروەردە و خوێندنی باڵا

سیستمی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەهەرێمی کوردستان لەڕووی کواڵیتی و پرۆگرامی خوێندن و شێوازی وانەوتنەوە و شوێنی سەردەمییانە بۆ خوێندکاران پێویستی بە گەشەپێدانی زیاترە، بۆیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەیەکی تایبەتی دارشتووە کە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

١- دارشتنەوەی سیستمی خوێندن لەسەر بنەمای پێگەیاندنی تاک لەڕووی پەروەردەیی و زانستی بەشێوەی سەردەمیانە.

٢- رێکخستن و چەسپاندنی دەرماڵەی خوێندکاران و کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە خوێندنگاو زانکۆ و پەیمانگا ئەهلییەکان، بەشێوەیەک کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی خوێندکاران دروست نەکات.

٣-باشترکردنی بژێوی ژیانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە و دابینکردنی -

شوێنی نیشتەجێبوون بۆیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

٤- کردنەوەی سەنتەری توێژینەوە و دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ توێژینەوەی زانستی.

٥- دروستکردنی پردی پەیوەندییەکی فراوان لەنێوان زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و زانکۆکانی عێراق و وڵاتانی جیهانی.

٦- نەهێشتنی جیاوازی لەنێوان خوێندنگا حکومی و ئەهلییەکان لەڕووی کواڵیتی و پرۆگرامی خوێندنەوە.

٧- پێشخستنی توانا مەعریفی و زانستییەکانی مامۆستایان لەرێی کردنەوەی خول و پێدانی زانیاری نوێ و دابینکردنی تەکنەلۆژیای زانیاری و مەشق و راهێنانی بەردەوامی ساڵانە و ئەنجامدانی توێژینەوەی نوێ.

٨- فەراهەمکردنی سەربەخۆیی ئیداری و دارایی لەزانکۆ و پەیمانگاکان بۆ ئەوەی دەستکراوەبن لە پێشخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و داهێنان.

٩- کاردەکەین بۆ پێدانی قەرزی بچووک بۆ ئەو خوێندکارانەی لە خوێندنگا و زانکۆ و پەیمانگا ئەهلیەکانن .

١٠- کردنەوەی دایەنگەی پێشکەوتوو و مودێرن بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی کوردستان بەشێوازی هاوچەرخ و هاوکاریکردنیان.

١١- زیاترکردنی باخچەی ساوایان کە بکرێتە بنەمای خوێندنی هاوچەرخ.

١٢- گرنگیدان بە زمانی دایک لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن.



حەوتەم

# سێکتەری تەندروستی

## حەوتەم: سێکتەری تەندروستی

سێکتەری تەندروستی یەکێکە لە سێکتەرە سەرەکی و گرنگەکان کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی و کاریگەری لەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، لەهەر وڵاتێک کە خاوەن سیستمێکی پێشکەوتووی تەندروستی بێت، ئەوا لەو وڵاتەدا کۆمەڵگا بە تەندروستی ژیان بەسەردەبەن. بۆیە لە بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا گرنگییەکی تایبەت بە سێکتەری تەندروستی دراوە کەخۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

١- ڕێکخستنی سێکتەری تەندروستی و ئەنجامدانی چاکسازییەکی ریشەیی لەسەر بنەمای زانستی تەندروستی و بەپشتبەستن بەیاسای تایبەت بەو بوارە.

٢- پاراستنی مافی نەخۆش و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بەنەخۆش و چارەسەرکردنیان بە کەمترین خەرجی و ڕێکخستنەوەی نۆرینگەکان.

٣- زیاتر گرنگیدان بەکەرتی گشتی و ئەنجامدانی چاکسازی لەو بوارەدا بۆ ئەوەی نەخۆش بەناچاری ڕوونەکەنە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت.

٤- دابینکردنی ئامێری پێشکەوتووی تەندروستی بۆ نەخۆشخانەکانی هەرێم بۆ ئەوەی نەخۆش ناچار نەبێت بەمەبەستی هەندێ چارەسەر و پشکنین ڕووبکەنە دەرەوەی وڵات.

٥- دانانی پلانێکی گونجاو بۆ دامەزراندنی دەرچووانی کولێژی پزیشکی و کولێژی پەرستاری و پەیمانگای تەکنیکی تەندروستی، بۆئەوەی لەڕووی تواناى مرۆییەوە ئەو بۆشاییە لە نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستییەکانی شار و شارۆچکە و گوندەکانی هەرێمی کوردستان پڕبکەنەوە.

٦- دانانی بەرنامەیەکی باشتر و تایبەت بەچۆنییەتی خۆپاراستنی هاوڵاتیان لە نەخۆشییە گوازراوەکان، ئەمەش بەوە دەکرێت کە ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان لەڕووی تەندروستی و هۆشیاری خۆراکی تەندروست و ڕاگرتنی پاک و خاوێنی بەرزبکرێتەوە.

٧- کردنەوەی خولی تایبەت بە پزیشک و کارمەندانی تەندروستی لەدەرەوەی وڵات.

٨- نەهێشتنی قۆرخکردنی بازاڕی هاوردەکردنی دەرمان و کەمکردنەوەی باج و نرخی ستیکەر، ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی نرخی دەرمان.

٩- زیادکردنی تیمەکانی کوالێتی کۆنترۆڵ بۆ رێگریکردن لە دیاردەی هێنانی دەرمانی خراپ.
١٠- ئەنجامدانی کۆنفرانسی تەندروستی ساڵانە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەپێناو پێشخستنی کەرتی تەندروستی.
١١- پەیڕەوکردنی سیستمێکی سەرتاسەری تەندروستی و کۆنترۆڵکردنی سیستمی هێنانی دەرمان و پێداویستییە تەندروستییەکان و پەیڕەوکردنی هاوتاکردنی نرخی دەرمان لەهەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان.
١٢- دابینکردنی بیمەی تەندروستی بۆ هەموو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان.
١٣- گرنگیدان بە هۆشیاری تەندروستی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا.
١٤- دابینکردنی پێداویستییە تەندروستییەکان لەهەموو جێگایەکی هەرێمی کوردستان.
١٥- پارێزگاریکردن لە پلەی یەکەمی سلێمانی لە بواری تەندروستی لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق و گواستنەوەی ئەزموونەکە بۆ شارەکانی تری کوردستان.
١٦- گرنگیدان و پەرەپێدانی تەندروستی خێزانیی.
١٧- دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بواری تەندروستی.
١٨- دانانی پلانێکی سەرتاسەری بۆ نەهێشتنی بەدخۆراکی مناڵان لە هەرێمی کوردستان.
١٩- گەشەپێدانی کەرتی تەندروستی لەسەر ئاستی کەرتی گشتی و تایبەت بەپێی پلانێکی گونجاو.
٢٠- دروستکردنی نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی لە سنوری هەموو پارێزگاکانی هەرێم بەپێی پلانێکی پێویست.
٢١- هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدڕالی بەمەبەستی دابینکردنی دەرمان و کەرەستە پزیشکییەکان بۆ سەرجەم ناوچەو دەڤەرەکانی کوردستان.
٢٢- گرنگیدان بە تەندروستی منداڵ بە تایبەتی منداڵانی ئۆتیزم.



هەشتەم

# سێکتەری کشتوکاڵ و ئاودێری و ئاژەڵداری

## هەشتەم: سێکتەری کشتوکاڵ و ئاودێری و ئاژەڵداری

ناوچەکە پێویستی بە سەقامگیری و سیستمێکی نوێ هەیە، بۆ ئەوەی سێکتەری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لە هەرێم ببێتە بەدیلی سێکتەری نەوت ئەمەش بەوە دەکرێت سیاسەتێکی ڕوونی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریمان هەبێت بۆ ئەوەی سێکتەری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری گەشەکردنێکی باشتر و فراوانتر بەخۆیەوە ببینێت و بگاتە ئاستێک کە نەک پێویستیمان بە بەروبوومی دەرەوەی وڵات نەمێنێت، بەڵکو بەروبوومی خۆمان هەناردەی دەرەوەی وڵات بکەین.

بەرنامەی یەکێتی بۆ سێکتەری کشتوکاڵی و ئاودێری و ئاژەڵداری لەم خاڵانەی خوارەوە پێکدێت:

١- زیاتر گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵی و دابینکردنی پێداویستییە لۆجستییەکان بۆ جوتیارانی هەرێم و بوژانەوەی ئەم کەرتە وەکو یەکێک لە کەرتە گرنگەکان لە هەرێمی کوردستان.

٢- رەخساندنی دەرفەتی گونجاو و دابینکردنی پێداویستییەکانی جوتیاران، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان و گەشە بە بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بدرێت.

٣- گرنگیدان بە سیستمی بەبازاڕکردن و ساخکردنەوەی کاڵا و بەروبوومی ناوخۆیی و خۆماڵی، بۆ ئەو مەبەستە بەرهەمە کشتوکاڵییە هاوردەکان سنورداربکرێت.

٤- پێدانی قەرز بە جوتیاران بۆ بوژاندنەوەی پرۆژە کشتوکاڵییەکان.

٥- هاندان و پشتیوانیکردنی کەرتی تایبەت و دروستکردنی کارگەی تایبەت بەبەرهەمی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی.

٦- ڕێگریکردن لە گۆڕینی زەوی کشتوکاڵی بۆ پرۆژەی نیشتەجێبوون.

٧- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جوتیارانی هەرێم و بەردەوام پێدانی رێنمایی و پەیڕەوکردنی شێوازی نوێ لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمەکانیان.

٨- گرنگیدانی زیاتر بە هەر سێ بەنداوی (دەربەندیخان، دوکان، دهۆک) و بەنداوەکانی دیکە و دروستکردنی بەنداوی دیکە لە ناوچە جیاوازەکان، بە مەبەستی بەکارهێنانیان لە بواری گلدانەوەی ئاو و ئاودێری و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

٩- چارەسەرکردنی کێشەی ئاودێری لەو ناوچانەی کە کێشەی ئاودێریان هەیە.

١٠- داڕشتنی ستراتیژییەکی درێژخایەن بۆ ڕێگریکردن لە هاوردەکردنی ئەو بەرهەمە خۆراکی و تۆو و پەین و دەرمانی رووەکی و ئاژەڵانەی کە زیان بە ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستان و زیان بە
تەندروستی هاوڵاتیان دەگەیەنن.

١١- دانانی پلانێکی گونجاو بۆ پاراستنی باڵندە و ئاژەڵی کێوی لە هەرێمی کوردستان.

١٢- بەکلتورکردنی فێستیڤاڵی تایبەت بە خستنەڕووی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستان.

١٣- دابینکردنی کۆگای تایبەت (براد) بۆ کۆکردنەوە و هەڵگرتنی بەرووبومی جوتیاران لە ناوچە کشتوکاڵییەکانی هەرێم.

١٤- گرنگیدانێکی زیاتر بە کەرتی ڤێتەرنەری بۆ پاراستنی سامانی ئاژەڵ.

١٥- لابردنی باج لەسەر بەروبوومی کشتوکاڵی جوتیاران.

١٦- دروستکردنی عەلوەی هاوچەرخ و کەمکردنەوەی باج لەسەر عەلوەکان .

١٧- دابینکردنی سەرجەم پێداویستییە کشتوکاڵییەکان بە قەرزی درێژخایەن.

١٨- درووستکردنی سایلۆ بۆ ناوچە کشتوکاڵییەکان لە سنوری پارێزگاکانی هەرێم.

١٩- چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و باخەکان بەشێوەیەک کە هاوڵاتیان تیایدا سوودمەندبن.



نۆیەم

# سێکتەری گەشتوگوزار

## نۆیەم: سێکتەری گەشتوگوزار

هەرێمی کوردستان لەڕووی پێکهاتە و هەڵکەوتەی جوگرافییەوە ناوچەیەکی زۆر گرنگ و گونجاوە بۆ پێشخستنی سێکتەری گەشتوگوزاری، کەدەبێتە هۆی گەشەپێدانی ژێرخانی ئابوری و ڕەخساندنی هەلی کار و دەتوانێت ببێتە پردێکی پەیوەندی جڤاکی و هونەری و کلتوری لەگەڵ گەلان و نەتەوەکانی ناوچەکە و جیهان، بەتایبەتی لەگەڵ پارێزگاکانی ناوەراست و باشوری عێراق. بۆئەو مەبەستە ئەم بەرنامەیەمان داڕشتووە کەلەم خاڵانەی خوارەوە پێکدێت.

١- هەرێمی کوردستان بۆ گەشتوگوزاری هەمەجۆر زۆر گونجاوە، چونکە لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکان دەیان شوێنی دڵڕفێنی (گەشتوگوزاری، سەیرانگا، شوێنەواری مێژوویی وەکو قەڵا، ئەشکەوتی مێژوویی، شاخ، شوێنەوار و پەرستگای ئایینی) هەیە. بۆیە پلانمان هەیە کە هەرێمی کوردستان وەکو ناوچەیەکی گرنگی گەشتیاری بناسێنرێت، تاوەکو لەڕێی ئەو پلانەوە زیاتر سەرنجی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان رابکێشین.

٢- داڕشتنی پلانێکی سەرتاسەری بۆئەوەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان خاوەنی شوێنە گەشتیارییەکان هۆشیاری گەشتیارییان زیاتربێت و بتوانن بەشێوەیەکی باشتر پێشوازی لە گەشتیاران بکەن.

٣- دانانی پلانێک بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆ و پەیمانگاکان و دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم بۆ دامەزراندنی دەرچووانی بەشەکانی گەشتوگوزاری لە هۆتێل و شوێنە گەشتیارییەکان.

٤- هاندان و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ ئەو سەرمایەدارانەی کە دەخوازن سەرمایەی خۆیان لەسێکتەری گەشتوگوزاریدا بخەنەگەڕ.

٥- گرنگیدانێکی زیاتر بە یاری وەرزشی، شاخەوانی، کێبڕکی مەلەوانی، یارییەکانی دیکە لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان.

٦- ئەنجامدانی چالاکی هونەری، ئاهەنگ و کۆنسرێت و فێستیڤاڵ، بەمەش سەرنجی گەشتیاران رابکێشن تاکو سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن.

٧- دروستکردنی یاریگا، هوڵی وەرزشی، هوتێلی پێشکەوتوو لە ناوچە گەشتیارییەکان و دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان.

٨- گرنگیدان بە شوێنە گەشتیارییەکان، بە شێوەیەک کە ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی بەدەستهێنانی داهات و فەراهەمکردنی هەلی کار بۆ گەنجان.

٩- نۆژەنکردنەوەی شوێنەوار و شوێنە گەشتوگوزارییەکان بەشێوەیەکی مۆدێرنی پێشکەوتوو.

١٠- ڕێکخستنەوەی نرخ و کرێی سەیرانگا و هۆتێل و چێشتخانەکانی ناوچە گەشتیارییەکان.

١١- پاراستنی ماف و سەلامەتی گەشتیاران.

١٢- گرنگیدان بە گەشتیاری ئایینی، شوێنەواری، وەرزشی، هتد....

١٣- گرنگیدان بە گەشتیاری زستانە.

١٤- زیاتر ناساندنی ناوچە گەشتیارییەکان لەڕێی میدیاو سۆشیال میدیاوە.



دەیەم

# سێکتەری پیشەسازی و وزە

## دەیەم: سێکتەری پیشەسازی و وزە

پرسی وزە لەهەرێمی کوردستان بووەتە سەرچاوەی بایەخ پێدانی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی و ساڵانێکە شادەماری ئابوری هەرێمە، بەڵام مامەڵەکردنی ناتەندروست و سیاسەتێکی چەوت بەرامبەر وزە و سەرچاوە سروشتییەکان، هەرێمی کوردستانی رووبەڕووی ئاڵنگاری و هەڕەشەی زۆر کردووەتەوە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ئەندازیاری دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوت بووە لە کوردستان، هەر لەسەرەتاوە لە بەرامبەر پرسی وزە دیدگایەکی رۆشن و نەتەوەییانەی هەبووە، لەم بەرنامەیەدا دید و ستراتیژیەتی یەکێتی بۆ سێکتەری وزە دەخەینەڕوو:

١- چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا لە شارو شارۆچکە و گوندەکانی پارێزگاکانی هەرێم و دابینکردنی وێستگەی زیاتری کارەبا.

٢- چارەسەرکردنی کێشەی نەوت و وزە و سوتەمەنی لە نێوان هەرێم و بەغدا، هەلی کار بۆ هەزاران هاوڵاتی هەرێم دەڕەخسێنێت و خەرجیەکی زۆریش بۆ هاوڵاتیانی هەرێم دەگەڕێتەوە بە تایبەتی لە دابەزینی نرخی نەوت و بەنزین و گاز و غاز.

٣- لەرێی تیمی یەکێتی لە حکومەتی فیدراڵ کاردەکەین بۆ رێکخستنەوەی پاڵاوگەکانی هەرێم، کەدەرفەتی کار زیاد دەکات و دەبێتە هۆی دابینکردنی پێداویستییەکانی هاوڵاتیان لەڕووی سوتەمەنییەوە .

٤- کاردەکەین بۆ دروستکردنی کارگەی تایبەت بە (دۆشاوی تەماتە، شیرەمەنیەکان، زەیتوون و زەیتی خۆراکی و ترێ) هتد... لە سنوری پارێزگاکانی هەرێم.

٥- یارمەتیدانی خاوەن کارگەکانی هەرێم بۆ ئەوەی بتوانن پێداویستییەکانی خۆیان دابین بکەن و بەرهەمەکانیان زیاتر بێت.

٦- سوودوەرگرتن لەئەزموونی سەرکەوتووی سلێمانی لە بواری پیشەسازی، بۆ پارێزگاکانی دیکەی هەرێم.

٧- چاودێرکردنی پاڵاوگەکانی بەنزین و سوتەمەنی لەڕووی کواڵیتی و نرخەوە.



## یانزەیەم

# سێکتەری وەرزشی

## پانزەیەم: سێکتەری وەرزشی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پلانێکی سەردەمییانەی داڕشتووە کە دەبێتە هۆی پێشخستنی کەرتی وەرزشی لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان و بەرنامەکە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

١- بەپێی بەرنامەیەکی نویێ زیاتر گرنگی بە بواری وەرزشی بدرێت لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لەڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە و نابێ وەکو وانەیەکی لاوەکی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

٢- کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری وەرزشی لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ بێتەدی و کۆمەڵگای کوردەواری بەرەو کۆمەڵگایەکی تەندروست و وەرزشخواز پەروەردە بکرێت.

٣- وەرزش لەسەر بنەمای سیستمێکی هاوچەرخ ڕێکبخرێت و وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی پلانێکی تایبەت ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات.

٤- دروستکردنی فێرگەی تایبەتی وەرزشی لە سنووری هەموو پارێزگاو قەزاو ناحییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی وەرزش.

٥- گرنگیدان بە بواری وەرزشی لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان و فەراهەمکردنی (گۆڕەپانی تارتان، پاریگای داخراو، مەلەوانگە، شوێنی یاری زستانە) و هتد....

٦- تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وەرزشی لە یانەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ وەرزشکاران و گرنگیدان بە تیپە میللییەکان .

٧- زیاتر گرنگی بە وەرزش بدرێت لە خوێندنگا و پەیمانگا و زانکۆکانی هە رێمی کوردستان.

٨- دروستکردنی یاریگاو سازدانی خول و مەشقی وەرزشی و دابینکردنی پێداویستییە وەرزشییەکان.

٩- داڕشتنی پلانێکی تایبەت بۆ گرنگیدان بە وەبەرهێنان لە کەرتی وەرزشیدا، کە دەبێتە هۆی رەخساندنی دەرفەتی کار و فرەیی لە سەرچاوەی ئابوری هەرێمی کوردستان.

١٠- وەبەرهێنانی مرۆیی لە کەرتی وەرزش بۆ پێگەیاندنی وەرزشوانی پیشەوەر.



دوانزەیەم

# سێکتەری گرنگیدان بەژنان

## دوانزەیەم: سێکتەری گرنگیدان بەژنان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەک حزبێکی مۆدێرن و پێشکەوتووخواز گرنگییەکی زۆری بە ژنان داوە و بەشێوەی کردەیی دەرفەتی ڕەخساندووە کە ژنان بتوانن لە ناوەندە باڵاکانی حزبی و حکومی تواناکانی خۆیان بخەنەگەڕ لە بواری حکومیدا، لەبواری حکومیدا (سەرۆکی پەرلەمان، وەزیر، سەرۆکی شارەوانی، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە) و دامەزراوەکانی دیکە. ئەم گرنگیدانەش دەگەڕێتەوە بۆ کلتوری هەڤاڵ مام جەلال کە گرنگییەکی زۆری بە ژنان دەدا بۆیە یەکێتی خەبات دەکات بۆ پاراستنی مافی ژنان و هێنانە کایەی یەکسانی. بۆ ئەو مەبەستەش یەکێتی پلانێکی نوێی دارشتووە، کە خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

١- ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ ژنان و نەهێشتنی جیاکاری.

٢- دەرفەتی زیاتر ب برەخسێنێت تاوەکو ژنان بتوانن لەسەر بنەمای توانا و پسپۆڕی بەشداری لەسەرجەم دامەزراوە حکومییەکاندا بکەن و پۆستە سیاسییە باڵاکان وەربگرن.

٣- کارکردن بۆ زیادکردنی ڕێژەی ژنان لە دامەزراوە حکومییەکاندا لەسەر بناغەی لێهاتوویی و تواناکان.

٤- هاندان و پشتیوانیکردنی ژنان بۆ ئەوەی بتوانن لە کەرتی تایبەتدا پرۆژە ی جۆراوجۆر جێبەجێ بکەن و لەرێی ئەو پرۆژانەوە هەلی کار بۆ ژنان برەخسێت، بۆ ئەو مەبەستە حکومەتی هەرێم قەرز بە ژنانی خاوەن پرۆژە بدات.

٥- بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی کوشتنی ژنان لە رێگەی دەرکردنی یاسای تایبەتەوە.

٦- ڕەخساندنی دەرفەتێکی زیاتری هەلی کار بۆ ژنان لە کەرتی گشتی و تایبەتدا.

٧- هاندان و کارئاسانیکردن بۆ خوێندنی ژنان.



سیانزەیەم

# سێکتەری ژینگەپارێزی

## سیانزەیەم: سێکتەری ژینگەپارێزی

ژینگە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە جیهانییەکان بووەتە پرس و خەم و ئەرکی گشتی، چونکە ژیان و مانەوەی مرۆڤ بە ئەندازەی گەورە پەیوەندی بەژینگەوە هەیە، لەپێناو پاراستنی ژینگە و بەرزکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لە پێش هەمووان ئەرکی هێزە سیاسییەکانە، تا لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری گشتی و دانانی ستراتیژیەتی ژینگەیی ڕێگای دروست پیشانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بدەن. یەکێتی هێزێکی ژینگە دۆست و سەوزپەروەرە، بۆ داهاتووی ژینگە و سەوزایی کوردستان و پاکڕاگرتنی خاکی پیرۆزی ئەم بەرنامە دەخاتەڕوو :

١- زیادکردنی ڕێژەی سەوزایی و گەیاندنی بە ئاستی ستانداردی جیهانی.
٢- گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بەرامبەر ئەو کارگە و دامەزراوە پیشەسازییانەی کە دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگەی هەرێم.
٣- کارکردن بۆ پاککردنەوەی سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لە مین و پاشماوەکانی بۆردومانەکان، لەپێناو ژینگەیەکی پاک و تەندروست.
٤- کاردەکەین بۆ دروستکردنی کارگەی (ریسایکلین) لەهەموو پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆیەکان و قەزاکانی هەرێم.
٥- کاراکردنی فەرمانگەکانی بواری ژینگەپارێزی و دابینکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ ڕێکخراوەکانی بواری ژینگەپارێزی.
٦- کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگای پێویست و تایبەت بە ژینگە لە سنووری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.
٧- پاککردنەوەی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە پاشماوەکانی تۆپباران و بۆردومانی فڕۆکەکانی وڵاتانی ئیقلیمی و پاشماوەی هێزەکانی ڕژێمی بەعسی روخاو.
٨- نەهێشتنی ئەو سەرچاوانەی دەبنە هۆکاری پیسبوونی ژینگە.
٩- دابینکردنی پێداویستییە پێشکەوتووەکانی تایبەت بە ئاگرکوژێنەوە کە ساڵانە بەهۆی ئاگرکەوتنەوە پانتاییەکی فراوانی ژینگەی کوردستان پیس دەبێت، بەهۆی نەبوونی کەرەستە و ئامێری پێشکەوتووی ئاگرکوژێنەوە زیانێکی زۆر بەر دارستان و شاخەکانی هەرێمی کوردستان دەکەوێت.
١٠- دابینکردنی پێداویستییە مرۆیی و لۆ جستی و داراییەکانی تایبەت بە کۆکردنەوەو لەناوبردنی زبڵ و خاشاکی ناوشار و شارۆچکەکان.
١١- ئەنجامدانی هەڵمەتێکی فراوانی هۆشیاری ژینگەیی و ڕواندنی دارو درەخت لەسنوری شار و شارۆچکەکان.
١٢- گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەت بەرامبەر ئەو کارگانەی بوونەتە سەرچاوەی پیسبوونی ژینگە.
١٣- پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادری ئەکادیمی تایبەت بە هۆشیاری ژینگەپارێزی.
١٤- هەڵمەتی پاکڕاگرتنی ژینگەی کوردستان لەڕێگەی ئەنجامدانی هەڵمەتی وەرزییەوە لەلایەن یەکێتییەوە.



## چواردەیەم

# کرێکاران و کاسبکاران و پیشەوەران

## چواردەیەم: کرێکاران و کاسبکاران و پیشەوەران

کرێکاران و کاسبکاران و پیشەوەران، دەستوبازوی بونیادنەری وڵاتن و بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردستانیین، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بایەخێکی زۆرەوە لێیان دەڕوانێت و لە بەرنامەیدایە:

١- دەرکردنی یاسای تایبەت بە پاراستنی ماف و ئیمتیازاتی کرێکاران و کاسبکاران و پیشەوەران.

٢- دابینکردنی بیمەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران.

٣- گرنگیدان بە ڕێکارەکانی سەلامەتی کرێکاران.

٤- کەمکردنەوەی باج و رسومات لەسەریان.

٥- دیارکردنی کاتژمێرەکانی کار.



پانزەیەم

# سێکتەری پرسی کۆچبەرەکان

## پانزەیەم: سێکتەری پرسی کۆچبەرەکان

کێشەی کۆچبەرەکان (نازیحەکان) لە هەرێمی کوردستان یەکێکە لە کێشە ستراتیژییەکان، چونکە لەڕووی شوێنی نیشتەجێبوون، خزمەتگوزارییەکانی وەکو (کارەبا، ئاو، پێداویستییە پزیشکییەکان، نەخۆشخانە، دەرمان، قوتابخانە، تیم و خەرجی بۆ کاروباری شارەوانی، خۆراک و چەندین پێداویستی دیکە) بارگرانییەکی زۆریان خستووەتە سەرشانی هەرێمی کوردستان، بەچارەسەرکردنی ئەو کێشە دەیان هەزار ئاوارە دەگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و هەلی کار بۆ دەیان هەزار گەنج و کرێکاری هەرێمی کوردستان دەرەخسێنێت، لە ئەنجامدا هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی باشتر و زیاتر خزمەتگوزارییەکانی (ئاو، کارەبا، خزمەتگوزارییەکانی دیکەی سێکتەری تەندروستی، پەروەردەیی، شارەوانی) پێدەگات، سیاسەتی ئێمە لەگەڵ گەڕانەوەی کۆچبەرەکانە و حکومەتی فیدراڵیش لەگەڵ ئەوەیە کە کامپەکانی ئاوارەکان لە سنووری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دابخرێت. چونکە شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق ئاسایی بوونەتەوە ناکرێ کامپەکان بۆ ئامانجی سیاسی و هەڵبژاردن و دەستکەوتی دارایی بەکاربێت و رێگری لە گەڕانەوەیان بکرێت.

لیستی یەکێتیی
نیشتمانیی کوردستان ژمارە (١٢٩)